کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
15-11-2007 23:17بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**کەسکوکاری قوربانیانی ئەنفال هەرەشەی خۆپیشاندان لەتاڵەبانی و ئەمەریکیەکان دەکەن ... ئا: ڕێژین ئیبراهیم**

"ئەوەی داکۆکی لەتاوانبارانی ئەنفال دەکات لەژێر هەر بیانویەکدا بێت، داکۆکیکردنە لەدوژمنانی گەلی کوردستان، ئێمە 182 هەزار کەسمان بووە بەقوربانی لەئەنفالدا، کەچی سی کەس حوکمی لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە، سەباری ئەمەش لەسەر ئەو سی کەسە مساوەمەی سیاسی دەکەن، ئەمە خۆی لەخۆیدا داکۆکیکردنە لەوانەی دژایەتی گەلی کورد دەکەن"، ئەمە قسەی عەبدولرەحمان فارسی 55 ساڵی کەلەپرۆسەی ئەنفالدا خوشکێك و ژنەکەی و دوومناڵی کەیەکێکیان ساوە بووە و لەناوچەی کفری تیا چوون.

دواکەتنی سزای لەسێدارەدان بەسەر تاوانباران (عەلی کیمیایی و سوڵتان هاشم و حسێن رەشد) دا نارەزاییەکی زۆری لەناو کەسکوکاری ئەنفال و ڕێکخراوە مەدەنییەکان کوردستاندا دروست کردووە و، 15 ڕێکخراو هەرەشەی خۆپیشاندان دەکەن.

عەبدولرەحمان فارس کەئێستا ژنی هێناوەتە و دوومناڵی هەیە، تائێستا بەناوی (باوکی کاروان) وە بانگی دەکەن، کاروان کوڕە نۆبەرەکەیەتی کەلە ئەنفالدا تیاچووە، ئەم پیاوە باس لەوە دەکات لەسەر ڕووداوی دوجێل بۆ 148 کەس 4 کەس لەسێدارە درا چونکە قیادەی لایەنە شیعەکان دەیانەویست بەخەڵکی خۆیان بڵێن هەر کەسێك دەستدرێژیمان بکاتە سەر بەو شێوەیە رەتی دەدەینەوە، بەڵام سەرکردایەتی کورد هەندێکیان بێدەنگن و هەندێکیان دیفاع لەتاوانباران دەکەن.

دەربارەی ئەو لایەن و کەسانەی کەدیفاع لەتاوانبارانی ئەنفال دەکەن، باوکی کاروان دەڵێت" ئەم حکومەتەی عێراق ئەگەر دیفاع لەتاوانبارانی ئەنفال بکات، من وەك

حکومەتەکەی پێشووی عێراق تەماشایان دەکەم، هەر کەسێکیش وەك ئەفراد دیفاعیان لێبکات من وەك ئەوانە تەماشایان دەکەم کەکەسوکرایان ئەنفال کردین".

موحسین رەشید کەناسراوە بەپێشرەو و بەرپرسی لیژنەی داکۆکیکردنە لەکەسوکاری ئەنفالکراوەکان، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە 15 ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی ڕۆژی 11/8 یاداشتنامەیەکیان بەرزکردۆتەوە بۆ سەرۆکایەتی هەرێم و داوایان لەو سەرۆکایەتی کردووە هەڵوێستیان هەبێت لەسەر جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان بەسەر تاوانبارانی ئەنفالدا.

پێشرەو کە دووبراو و زیاتر لە25 کەس لەخزم و کەسوکاری لەئەنفالدا تیاچوون باس لەوە دەکات کەئەم یاداشتەمان ئاراستەی سەرۆکایەتی عێراق و ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق و کوردستان و پەرلەمانی کوردستان و عێراقیش کردووە و "بەئاشکرا ئاماژەمان بۆ ئەوە کردووە کەوەك کەسوکاری ئەنفالەکان هیچ دەستێوەردانێك قبوڵ ناکەن بەرامبەر ئەو تاوانبارانەی ئەنفال کەلەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانەوە حوکمی لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووە".

بەرپرسی لیژنەی داکۆکیکردن لەکەسوکاری ئەنفالکراوەکان ئاماژە بۆئەوە دەکات کە لەبری ئەوەی بەپرسە باڵاکانی کورد کار بۆ ناساندنی تاوانی ئەنفال لەسەر ئاستی جیهانی وەك تاوانێکی جینۆساید بکەن و چەندان کۆنگرەی بۆ سازبکەن، کەچی داوای سوککردنی حوکمەکانی تاوانباران دەکەن.

پێشرەو ئەوە بیری سەرکردایەتی کورد دەهێنێتەوە کەسەرگەڵو بەرگەڵو بەدەستی سوڵتان هاشم گیرا و ئەنفال کرا، ئێستا سەرکردایەتی کورد چۆن داوای سوککردنی حوکمەکەیان دەکات و دەڵێت" ئەو لێدوانانەی مام جەلال لەمەڕ سووکردنی حوکمی سوڵتان هاشم تەجاوزە بەسەر مافی کەسوکاری ئەنفالەکانەوە"، پێشرە و بەناوی کەسوکاری ئەنفالەکانەوە داوادەکات دەستبەجێ بریاری لەسێدارەدان بەسەر عەلی حەسەن مەجید و سوڵتان هاشم و حسین رەشیدیدا جێبەجێبکرێت، ئەگەر نا ئەوا پەنادەبەنە بەر خۆپیشاندان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
15-11-2007 23:17بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

مالکی سەرۆك وەزیرانی عێراق لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەگەریدا رۆژی 11/11 لەبەغدا ئۆباڵی دواکەوتنی لەسێدارەدانی تاوانبارانی ئەنفالی خستە ئەستۆی ئەمەریکا و سەرۆکایەتی عێراق و وتی" باڵوێزخانەی ئەمەریکا لەعێراق گیراوە مەحکومکراوەکانمان پێنادات تا بریارەکەی دادگا جێبەجێبکەین، سەرۆکایەتی

بەرپرسی کۆمیتەی ژنانی ئەنفال لەناحیەی رزگاری شازاد حسین محمەد رایگەیاند " دواکەوتنی لە سێدارەدانی تاوان باران مەحکوم دەکەین، ئێمە وەکو کەسو کاری ئەنفال نارازین ".

خاتوو شازاد ئەوەشی راگەیاند"ڕازی نین بەهیچ شێوەیەك دەستەڵاتی کوردی و هیچ لایەنێك دەست وەربداتە بریارەکانی دادگاوە، دادگا بریاری لە سێدارەدانی داوە، بەلآم نازانم بۆ تا ئێستا دواکەوت، دەبوو لە دوای 30 رۆژ جی بەجێ بکرایە، من وەکو نوێنەری ئەنفالەکانی ئەم دەڤەرە، هیچ خێزانێکی پاشماوەی ئەنفال رازی نیین بەوەی کە تاوانباران لە سێدارە نەدرێن".

ناوبراو باس لەوە دەکات کە ئەگەر سوڵتان هاشم و تاوانبارانی تر لە سێدارە نەدرێن ئەو کاتە ئێمە وەکو پاشماوەی ئەنفال دەرژێینە سەر شەقامەکان بۆ خۆپیشاندان.

سەرپەرشتیاری گشتی ناوەندی چاك (ناوەندی هەڵبەجە دژ بەئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد) عەلی مەحمود محمەد، رایگەیاند ناوەندی چاك لەگەڵ ئەوەدایە سزای سەپاو بەسەر تاوانکاراندا بدرێت، پێویستە لە وادەی خۆیدا جێبەجێ بکرێت.

عەلی مەحمودکە بەعەلی سیاسی ناسراوە، ئەوەشی رونکردەوەو کە لایەنە سیاسییەکان نابێت دەست بخەنە ناو کاروباری دادگاوە و " جێبەجێکردنی سزای سەپاو بەسەر تاوانکارانی ئەنفال بە بەهانەی نابەجێ و دوور لە یاسا ڕاگیراوە، ئەمەش لە ئەنجامی دەستێوەردانی ئەمەریکاو هەندێك لایەنی عێراقی و تەنانەت کوردیشەوەیە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا سوکایەتییە بە دۆزی ئەنفال".

سەپەرشتیای چاك جگە لەنیگەرانی دەربڕینی خۆی بەرامبەر ئەوەی لایەنی کوردیش لەپشت دواخستنی جێبەجێکردنی حوکمەکەوەیە و، ئەوەشی وت" کە پێویستە دەنگ بەرز بکرێتەوە بەرامبەر ئەم ناهەقەیە و ئەم دیاردە ترسناکە".

تێبینی: ئەم راپۆرتە لە رۆژنامەی ئاوێنەدا بلاو بۆتەوە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.